( ......؟)



ئیدریس عەلی

پلیکانە
تا تۆم دەهێنیٚ
تا تۆ بەرزم دەکاتەوە (با)
تۆ چەند بەتام بوویت جاران
پرتەقال` خان.. چەند میهربان‌و شیرین
چەند باران بوویت خانمی نێو باخ
وەختیٚ چاوەڕوان بوویت
تا ئەوپەڕی من لەنیگەرانیدا
تا کۆتایی من لەگریانا
تا بێدەنگی سپێدە
بستێك لەولای تکاوە..
قاژێکت بەس بوو پرتەقاڵ گیان
یەکبەخۆ ڕۆشن دەبوومەوە،
ئیتر سیگارێکم پەیدا دەکرد
مناڵیم لەوسەری کۆڵاّن قانگ دەدا،
کەچی پەنجەرەم دەژماردوو
لەدڵی خۆدا هێشتا شەوبوو
کەچی پرتەقاڵم..
شاعیر بوون‌و وەختە بێتە ناومەوە
وەختە موسافیر دەبمەوە بەرەو کوێت؟
وەختە لەشاردا گەڕەك دەبمەوە تا باخی میر..
چەند بێباك بووم جاران



وەختێ تا ئەوپەڕی تۆ شاعیر بووم
تا ئەوپەڕی تۆ لەشەرابا مەستە ئەبووم
تا دوورترین تۆ.. هاوارێك بووم لەخۆم
تۆ جاران چەند سێبەرێکی هێمن بوویت
لەهاوین ترین نیوەڕوانی منا
چەند شەماڵ بوویت
لەئاسمانترین تەنیایی منا
چەند مێخۆش بوون گۆرانییەکانت
لەقوڵترین خەیاڵی منا،
پرتەقاڵم
تەماشامکە. لەوێرانی ئێستادا
سەیرمکە کاتێ رووبەرووت پەرت دەبم،
وەختێ سەرەتای سیگارەو من سڵاو لەکەسێك دەکەم
کاتێ پەردەی پەنجەرەکە لادەدەیتو
لەبەرخۆمەوە کاڵ دەبمەوە.. تا شینترین مناڵی
بمبینە بەدەم رێگاوە
کاتێ باران دەسڕێژم لێدەکات
تۆ دێیت دڵێکی شکاو هەڵدەگریتەوە
دڵێك کە ئیدی پێناکەنێت
کە ئیدی شەوان ناڵەی نایێ
کە ئیدی دەگریو خۆشناکاتەوە.
بەڵام پرتەقاڵ گیان
من هەتا کەی (ئیدریس) بم؟
هەتاکەی وەکو (چیی) پرسیاربم؟
باوکیشم تا هەیە (عەلی)یە..
ئەو بێزاربووە لەپەنجەرەو پێی خۆشە ماوەیەك دەرگابێت
هەر رۆژەو میوانێك لێی بدات
پێی خۆشە جار نا جار
شاعیرێ.. دەرەختێ.. مناڵێك بێ،
بەمن چیی خانمی نێو باخم بەمن چیی
تازە لەهەڕەتی شیعرامو
تۆش لەئاوێنا غەمباریت
من تازە بەتازە لەسەروەختی سەفەردام
کەچی تۆ تا تەنیایی من نیشتمانیت..!